# پێشینەی خانووبەرە، دڵەراوکێ لە ریبا بوونی!

د. محمد گەزنەیی
تایبەت بە **راوێژ**

**بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان**

هەنگاویکی دڵخۆشکەر بوو کە پەرلەمان و حوکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاریاندا پێشینەی خانووبەرە بدرێت بەهاووڵاتییانی کوردستان، بەتایبەتی ئەوانەی لەدەست کرێچییاتی حاڵیان ناخۆشە.

ئامانج لە پێشینەی خانووبەرە، هاوکاری چینی هەژارە بۆ ئەوەی بتواننماڵێک بۆ خۆیان دروست بکەن، بۆیە ئەو زیادەی دەخرێتە سەر ئەو قەرزە شتێکی کەم و رەمزییە. کەواتە مەبەست لەو زیادەیە بازرگانی و چەوسانەوەی هەژاران نییە، بەڵام هەندێ ڕێسا و یاسا هەیە لە شەریعەتی ئیسلام پێیان دەڵێن ڕێسای خواپەرستی (الاحكام التعبدية) بەرژەوەندی وسوودەکانی نەزاندراوە، مەسەلەی حەرامکردنی سوودی قەرز دەکەوێتە ئەو خانەیە، بۆیە زانای ناودار عیزی کوڕی عبدالسلام دەفەرموێت (لم أقف على المفسدة المقتضية لرجم الثيب الزاني، وقد قيل فيه مالا أرتضيه، وكذلك المفسدة المقتضية لجعل الربا من الكبائر لم أقف فيها على ما يعتمد على مثله)١ واتە نازانم ئەو خراپەکارییە چییە کە پێویستی کردووە بێوەژنی زیناکار بکوژرێت پاساوەکانی ئەو سزایە گرانەم بەدڵەوە نانوسێ، هەروەها نازانم ئەو خراپەکارییە چییە بۆتە هۆی ئەوە کە ریبا دەکاتە گوناهی گەورە.

کەواتە حوکمەکە خواپەرستییە (تعبدی) نەک بەرژەوەندی، بۆیە ئەو زیادەی دەکەوێتە سەر قەرز ریبایە و حەرامە زۆر بێت یان کەم بێت، کەواتە پێشینەی خانووبەرە هەرچەندە سوودی پترە لە زیانی بۆ چینی هەژار و مامناوەندی، بەڵام زیادەکە حەرامی دەکات.

بۆ ئەوەی خۆمان لەو حەرامە بپارێزین دوو ڕێگا هەیە

یەکەم: باشترین ڕێگا ئەوەیە بەناوی یەکیەتیی

زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان، داوا لــە ئەنجومەنــی وەزیرانــی هەرێمی کوردستان دەکەم کە لەو زیادەیە ببوورن و بیکەن بەقەرزی بێ زیــادە، ئــەوەش دەکرێت و لەدەســەڵاتی خۆیانــە، بەڵگەش ئەوەیە لەساڵی ٢٠٠٥ لە ئیدارەی ســلێمانی کــە کاک عمــر فەتاح ســەرۆکی ئەنجومەنــی ئیدارەکە بوو، پێشینەی خانووبەرە دەدرا، من بەناوی یەکیەتیی زانایان ئاینی ئیسلامی داوام کرد خەڵکەکە لەو زیادەیە ببورن بۆئەوەی تووشــی ریبــا نەبن،داواکەیــان قبوڵ کرد و بڕیاریانــدا خەڵکەکــە قەرزەکە بداتــەوە بەبێ زیادە، کێشــەکە چارەســەربوو.

دووەم: ئەگــەر ئەنجومەنــی وەزیرانــی هەرێــم نەیانتوانــی خەڵکەکــە لەو زیادەیــە ببورن، ئەوە دەبی بگەڕێینەوە بۆ ڕێسای (الضــرورات تبيح المحظورات) یانی ناچاری حەرام حەڵاڵ دەکات، جا ئەو کەسەی پێویست و ناچارە بۆی دروســتە ئــەو پێشــینەیە وەربگرێت، ئەو کەسەی پێویست و ناچار نییە بۆی دروســت نییە.

ناچــارکێیە:

ناچــار ئەو کەســەیە کە خانووی نەبێت، چونکە ئەو کەســانەی لە خانووی بەکرێ دەژین، هەندێکیان کرێکەیان پێ نادرێت لەبەر زۆری و ناچار دەبن دوو سێ ئیش بکەن و لەبــەر شــەکەتی و ماندوبوون ئیشەکانیان بە چاکی پێ ناکرێت، ئــەوە گوناهکار دەبــن، جارجار لەبەر ناچاری توشی حەرامخوادن دەبن، بەردەوامبوون لە سەر ئەو حاڵــە لەوانەیە تووشــی گوناهی گەورەتریان بــکات، لە وەرگرتنی ئەو پێشینەیە، کەواتە بەگوێرەی ڕێسای (ارتكاب اخف الضررين) بۆیان هەیــە وەریبگرن. هەندێکی تر لــە کرێچیــان بــە کرێیەکی هەرزان لە خانووەکان دانیشــتون خــاوەن خانوو دەیــەوێ دەریچن بەڵام ناڕۆن، ئەوە وەکو (غصب) داگیرکردن وایــە، بەردەوام بوون لەســەر ئەو داگیرکارییە گوناهی پترە لە وەرگرتنی پێشینە، کەواتە بــا وەریبگــرن چونکــە گوناهی کەمترە، بەڵام ئەو کەسەی خانووی خۆی هەیە و دەیەوێ خانوویەکی تــر بکات بۆ بەکرێدان ئەوە ناچار نییە و دروســت نییە.

لەوانەیە هەندێک لە مامۆســتایان بڵێــن: بۆ هەمووکەس دروســتە پێویســت و ناپێویســت، چونکە پێشینەکە لە گەنجینەی دەوڵەتە و ماڵی گشــتییە وئەو زیادەیەی وەری دەگــرن بــۆ مووچــەی فەرمانبــەرەکان و کرێــی خانوو و پێداویســتیەکانی راپەراندنــی ئیشــوکاری پێشــینەکەیە، بەڵگەشــیان ئەوەیە کە لە منهاج دەڵێت: (قال الماوردي: ولو قال لغيره اقترض لي مائة ولك على عشــرة فهو جعالة)٢ واتە ئەگەر کەســێک بە یەکێکی تری گووت: گەر ســەد ملیۆنم بۆ قەردکەی لە کەسێک دە ملیۆنت دەدەمێ ئەوە پاداشــتی چاکەیە و دروستە، ئەو کاتەش بائەو زیادەیە پاداشــتی ماندوبوونــی ئــەو فەرمانبەرانە بێــت

بەبۆچوونــی مــن ئــەو قیاســە ناکرێت،چونکــە فەرمانبــەری حوکومەت هەر لە سەرۆک وەزیران تــا دەگاتە بچوکتریــن فەرمانبەر وەکیلی خەڵکن لــە بەڕێوەبردنی ئیشوکار و سەرپەرشتیارن لەسەر گەنجینــەی دەوڵەت (بيت المال) بەگوێرەی ئەو ڕێســا شەرعییەی کە دەڵــێ: (منزلــة الامام من الرعية منزلــة الولي من اليتيم)٣ کەواتــە: دەســەڵاتی ســەرۆکی حوکومەت لە گەنجینەی دەوڵەت وەکو دەســەڵاتی سەرپەرشتیاری ماڵی هەتیمــە. کەواتە فەرمانبەر نوێنــەری ماڵــی دەوڵەتــە، ئەو فەرموودەی مــاوردی نایگرێتەوە، چونکە فەرموودەکە باس لە ســێ کەس دەکات: یەکێکیان پێویستی بە قەرز هەیە و دەوڵەمەند ناناسێ یان قــەرزی نادەنێ، ئەوی تریان خەڵک دەناسی و قەرزی دەدەنێ، جا ئەوەی یەکەم بە دووەم دەڵێ: ئەگەر کەسێک رازی بکەی قەرزم بداتێ پاداشــتت دەکەم، کەواتە پاداشــتەکە بۆ خــاوەن قەرزەکە نییە هەروەها بۆ کەفیل و وەکیل نابی، بــۆ کەفیل نابێــت چونکە ئەگەر خــاوەن قــەرز ناچاریکرد لەگیرفانی خۆی قەرزەکە بداتەوە، کە دایەوە خــۆی دەبێتە خاوەن

قەرز، هەروەها بۆ وەکیلیش نابێت چونکە لەجیاتی خاوەن قەرزە و زیادەش بۆ خاوەن قەرز نابی، کەواتە بۆ کەفیل و وەکیلیش نابێت، فەرمانبەریش وەکیل و سەرپەرشتیارە، کەواتە پاداشتی بۆ نابیت. (ابن قدامە) ئەو مەسەلەیە روونتر شیدەکاتەوە و دەڵێ: (ولو قال: اقترض لي من فلان مئة ولك عشرة فلا بأس، ولو قال: أكفل عني ولك الف لم يجز. وذلك لان قوله: اقترض لي ولك عشرة جعالة على فعل مباح فجاز .... واما الكفالة فان الكفيل يلزمه الدين فاذا اداه وجب له على المكفول عنه فصار كالقرض فاذا اخذ عوضا صار القرض جارا للمنفعة فلم يجز)٤ کەواتە کەفیل و وەکیل وەکو خاوەن قەرزن.

بۆیە ئەگەر بمانەوێ سوود لە فەرموودەکانی ئەو زانایانە وەربگرین دەبێت دەزگایەک دروست بکەین بەوجۆرەی خوارەوە:

**چۆنیەتی دروستکردنی دەزگا:**

یەکەم: لە هەر پارێزگایەک کۆمەڵە کەسێکی ناسراو بە دەست پاکی جێگایەکی دیاریان هەبێت، مۆڵەتیان لە حوکومەت هەبێت وئیش وکارەکانیان لە لایەن چاودێری دارایی هەڵبسەنگێندرێت.

دووەم: کۆمەڵە کەسێکی دەوڵەمەندی خێرخواز هەبێت پارە تەرخان بکەن بۆ ئەو دەزگایە بەمەبەستی خێر، چونکە قەرزدان خێرکردنە بەسوود و بەروبووم، کە یەکێک بیست ملیۆن دینار بە قەرز دەدات بە کەسێکی تر بۆ ماوەی ساڵێک، ئەو قەرزارە ئیش بەو پارەیە دەکات سوودەکەی بۆ خۆی دەبات، لە بەرامبەری ئەو سوودە خاوەن قەرز خێری دەگاتێ، وەکو ئەو کەسەی خانوویەک بدات بە یەکێکی تر و بڵێت: تا ساڵێک بەبێ کرێ لە ناوی دانیشە، ئەوە خێرە بە سوودی خانووەکە. قەرزیش وایە خێرە، بە سوودی ئەو پارەی بە قەرزی داوە، کەواتە ئیشەکە خێرکارییە نەک بازرگانی.

سێیەم: نابێ ئەندامانی ئەو دەزگایە ببن بە کەفیلی قەرزار، چونکە گەر کەفیل بن خاوەن قەرد دەتوانێ قەرزەکەیان لێ بستێنێتەوە، کە قەرزەکەیان داوە، خۆیان دەبن بە خاوەن قەرز و پاداشتەکە حەرام دەبێت، کەواتە نابێ گرێبەستی کەفالەت هەبێ، بەڵکو دەبێ گرێبەستی ئەوە هەبێ کە قەرزەکان لە کاتی خۆی لە قەردارەکان وەربگرنەوە.

چوارەم: خەڵکانێک هەبن بچن بۆ ئەو دەزگایە بڵێن: قەرزمان بۆ پەیدا بکەن ئێمە پاداشتتان دەدەینێ (دەلەسەتی) قەرزەکە یا پتر یا کەمتر بە گوێرەی رێککەوتن ومەرج وکاتی دانەوەی قەرزیان لەگەڵ ئیمزا بکەن.

پێنجەم: ئەو پاداشتەی وەری دەگرن خەرجی بکەن لە پێداویستی دەزگاکە و مووچەی فەرمانبەرانی، ئەگەریش زیاد بوو لە کاری خێرخوازی خەرج بکێت

ئەگەر شتێکی بەوجۆرە لە کوردستان بکرێت سوودی باشی دەبێت، سوودی بۆ خاوەن قەرزەکان ئەوەیە زۆر خێریان دەگاتێ وخوا پاداشتی باشیان دەداتەوە لە قیامەت.

سوودی بۆ قەرزارەکان ئەوەیە بە هۆی ئەو قەرزە دەتوانن کار بەو پارەیە بکەن و بژێوی ژیان بۆ خۆیان پەیدا بکەن.

لە کۆتایی لە خوا دەپاڕێمەوە تەبایی وخۆشەویستی و یارمەتی دانی یەکتری پەرە بسێنێ لەناو میللەتەکەمان.

**الهوامش**

**١.الشيخ عزالدين بن عبدالسلام، القواعد الكبرى الجزء الاول ص٢٩٢ طبعة دار القلم، دمشق الطبعة الاولى سنة ٢٠٠٠.**

**٢. مغني المحتاج الجزء الثاني ص١٢٠.**

**٣.السيوطي، الاشباه والنظائر ص١٢١ والزركشي، المنثور في القواعد الجزء الاول ص٣٠٩.**

**٤.المغني لابن قدامة، الجزء الرابع ص٣٦٥.**